# چەند هێمایەك

محمد جزا بەرزنجی

**چنارێك :**

تاکرێ

هەر تەنها جارێ

بێیت و بە لاما تێپەڕی..

نیگای ئیرەییم تێنەگری..

نە بمبیستی و نەبمبینی..!

**گوڵێك :**

بەو یاسایەی حوکمی دەکەی

دەکرێ تێکەڵ نەریتێکی خۆڵەمێشی و

پێشکەش ئێخەی نەزۆکێکی دەم ڕەشەبای زوقمم نەکەی..!

کۆترێکیش بۆی گمانم

نەکەی .. نەکەی

لە ئاسمانی وولآتێکی زیندو خۆرا.. داوای فڕینم لێبکەی.

**شاخێك :**

لەوەتی هەم لەوەتی هەی

دارم دەکەیتە گۆچان .. سنگم دەکەیتە قەڵغان ..

دەکرێ لوتکەم لە نێو هەورا نەوی نەکەی

تێکەڵ لم و واحەی دەشتی چۆڵم نەکەی.

**شاعیرێك..!**

شیعرێکی بە پەنگ کرد

قەڵەمەکەی سەری هەڵگرت..!

مێژوو نووسێك ..

درۆیەکی کردە ڕاستی و تۆماری کرد

مێژوو کەوتە ڕشانەوە.

نووسەرێك..!

رۆژنامەیەیەکی لول کرد و نەیخوێندەوە

تەنەکەی خۆڵ هاواری کرد.. !

ژنێك .. !

گوناهێکی پیرۆزی هاو توخمەکەی

کردە تاوان

مۆمێك تیشکی خۆی خواردەوە

کاتێ کۆتری ئەو دەڤەرە هەڵفڕین و چونە ئاسمان

تەرە بوون و نەهاتنەوە.. !